یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتنی دارایی لە نێوان عێراق وئێبوزێبی واژێکرا

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پێشوازی لە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری بازاڕی ئێبوزێبی بە وەرقەی دارایی دکات و سەرپەرشتی ڕێوڕەسمی واژێکردنی یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتن دکات لێگەڵ دەستەی وەرقەی دارایی عێراقی

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران لەڕاگەیەندراوەکدا کەدەستی ئاژانسی موتەبع کوتووە تیایدا هاتووە"سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ دووشەممە پێشوازی کرد لە بەڕێوەبەری جێبەجێکاری بازاڕی ئێبوزێبی بە وەرقەی دارایی بەڕێز عەبدوڵا سالم نعەمی.

هەر بەپێی ڕاگەیەندراوەکە لە دیدارەکدا چێنیەتی هاوکاری هاوبەش لێبواری ئاوگەڕ کردنی ئەزموونەکان و پەرەپەدانی میکانیزمەکانی فراوانکردنی چالاکیەکانی کەرتی تایبەت بەمەبەستی بەدیهێنانی گەشەی ئابووری تاوتوکرا.

سەرۆکی ئینجومەنی وەزیران سەرپەرشتی ڕێوڕەسمی واژێکردنی یاداشتنامەیەکی لێکتێگەیشتنی کرد لە نێوان دەستەی وەرقەی دارایی و بازاڕی ئێبوزێبی بە وەرقەی دارایی، لە لایەن دەستەی وەرقەی دارایییەوە فەیسەڵ وسام ئەلهیمس واژێی کرد و لە لایەن لایەنی ئیماراتەوە بەڕێز عەبدوڵا نعیمی واژێی

کرد.

یاداشتنامەکە تەوەری هاریکاری لە چەند بوارێکدا لەخۆگرت کە گرنگترینیان بەهێزکردن و پەرەپێدانی پرۆسەی چاودێری کردنی ئاوگەکردنی ڤۆژانەیە لە بازاڕەکان، و پێویستە کەمپانیا نوێندگیرەکان هاوکار بن لە بواری مەرج و میکانیزمەکانی لەخۆگرتنی، و لە بواری پەرەپێدان و بەکارهێنانی ئەپلیکەیشنی تەکنەلۆژیا و میکانیزمەکانی و لیستە سەرتایییەکان، هەروەها لە بواری حاڵەتەکانی هەڵپەساردنی مامەڵەکردن بە پشکەکان و دووبارە ئاوگەکردن و مەرجەکانی مەڵەتدان بە سندوقی ڵیت REIT.

یاداشتنامەکە ئاوگەی ئەزموونی لە بواری ڕاهێنان لەخۆگرت بەتایبەتی چالاکیەکانی کۆنتڕۆڵ و تەکنەلۆژیای زانیاری و ئاوگەکرردن و پاکتاوکردن، گۆڕینی دیجیتاڵی و شیکردنەوەی دارایی، سپاردن و بەڕێوەبردنی سندوقەکان و سەرپەرشتیکردنیان، هەروەها هاوکاری کردن لە بواری بەڕێگەنامە و چەکە ئیسلامییەکان و پارەدان و پاکتاوکردن و خزمەتگوزارییە دارایییە سەربەخۆکان و پەداویستییەکان و میکانیزمی کردنەوەی هەژمار بە وەبەرهێنەرانی بیانی لە دەرەوەی وڵات.

لەبەر ڕۆشنایی یاداشتنامەکە، هانی وەبەرهێنانەکانی ئیمارات دەدرێت بە دامەزراندنی کەمپانیای عەراقی بە سەرمایەی ئیماراتی - عەراقی، و بەدواداچوون بە بازرگانیکردنیان لە هەردوو بازاڕدا بکرێت.